# شەو

**1992/6/22**

شەو کچە وەرزێرێکی سووتاوی بەرخۆرەتاوە
بەژانی ئەستێرانەوە گینگڵ دەخوا
کێ یەکەم چەپکە تیشکی خۆی بداتێ
گنێخەو گەردەنی نەرمنی ماچ دەکا
من ئەمشەو
هالاوی خەمێکی بۆ بە با دەکەم
نایەڵم چاوانی لێکنێ
نایەڵم بۆ چاو گەرم کردنێکیش بنوێ
هەتا چەپکێ
تیشکی خۆرم پێ نەبەخشێ